د. ڕەشاد میران:

# هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەرەو کەسایەتی نوێی مرۆڤی کورد !



**کۆمەڵگای کوردی هەموو دەزگاکانی (فەرمی و نافەرمیی) پێویستی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی، کەچی لەبەر نەبوونی پلان و بەرنامەی شیاو و هەماهەنگی ڕەوتەکە سیمای پەروەردەیی لەدەسداوە، یان لەباشترین حاڵدا هەریەکە پرۆسەکە بەلایەکدا دەبات و لەناویشیاندا حکومەت لاوازترینیان دێتەبەرچاو**

ماوەی ١٦ ساڵ بەسە بۆ ئەوەی لە حاڵەتی (ئەزموون)ەوە بپەڕینەوە بۆ واقیعێکی چەسپاو ؛ بەداخەوە لەوەدەچێ تارماییەکانی بیردۆزی ئەزموون، کە واقیعێکی شێواوی بۆ دروستکردین، هێشتا کاریگەریی بەسەرمانەوە مابێ، بۆیە ئێستاش وەکو پێویست هەست بە یەکگرتوویی حکومەت و تەبایی حیزبەکان ناکەین... دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی و خۆبەخاوەن نەزانین بەرۆکی بەرنەداوین - ئەمەی دواییش گلەیی و گازاندەی حکومەت و سەرکردایەتیی سیاسی لە هاوڵاتیانی لێکەوتەوە .

ئەمە یاسایەکی کۆمەڵایەتی-مێژووییە هەموو مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیووە :گەورە بچووک و باوک ڕۆڵەکانی فێردەکات ؛ ئەگەر بشێ سەرکردایەتیی کورد، بەهۆی دەسەڵات و تواناکانیەوە، بە باوک و خەڵکیش بە ڕۆڵەکانی لەقەڵەم بدەین و بەو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەدا بچینەوە کە ئەو (باوکە)بۆ ڕۆڵەکانی بەکاریبردووە، ئەوا هەرگیز لە پەرژەوەندیی ئەودا نابێت . لەڕاستیدا، کۆمەڵگا و نەتەوەش، وەکو تاکەکەس، پێویستیان بە پەروەردە و فێرکردنی هەمیشەیی هەیە، هەر بۆیەشە دەسەڵات (سەرکردایەتی) دەزگایەکی ئۆرگانیکی کۆمەڵگایە ؛ نەهەر ئەوە بگرە هەموو جۆرە کۆمەڵبوونێکی خەڵک، گەورە و بچووک و لاوەکیش، بەمەبەستی خۆڕێکخستن، دەسەڵاتێک بەرهەمدێنی . کەواتە دەسەڵات ئەرکی هەرە گەورە و قورسی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڕادەیەک کە مافی گلەیی لە خەڵک نابێ، بەتایبەتیش کاتێک ئەندامانی کۆمەڵگا، یان نەتەوە لە ئاستێکی شیاوی هوشیاریی کۆمەڵایەتیدا نەبن - ئەویش لەبەر نەبوونی هەوڵ و میکانیزمێکی کارا بۆ پەروەردە کردنیان، وەکو ئەمە لەحاڵەتی کورددا بەدی دەکرێ .

کۆمەڵگای کوردی هەموو دەزگاکانی (فەرمی و نافەرمیی) پێویستی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی : دەسەڵاتی فەرمی (حکومەت و دەزگاکانی)، دەزگای سیاسی (حیزبەکان)، دەزگای ئایینی جگە لە ئەوقاف، شێخ و تەریقە و تەکیە و خانەقا کەچی لەبەر نەبوونی پلان و بەرنامەی شیاو و هەماهەنگی ڕەوتەکە سیمای پەروەردەیی لەدەسداوە، یان لەباشترین حاڵدا هەریەکە پرۆسەکە بەلایەکدا دەبات و لەناویشیاندا حکومەت لاوازترینیان دێتەبەرچاو. ڕاستیەکەشی ئەو ڕەوشە ئاڵۆزە فرە دەسەڵاتیەی لی کەوتۆتەوە ؛ بۆ چارەسەریی ئەمەش،دیارە، بەم دواییە ئەنجومەنی حیزبە سیاسییەکان پێکهات و ئەمە، ڕەنگە، بتوانێ هەرنەبێ لەسەر ئاستی چەند بنەمایەکی سەرەکی هەماهەنگیەک لەنێوان حیزبەکاندا دروست بکات .

ئێمە هەموومان، حکومەت و حیزبە سیاسییەکانیش، چاومان لە بنیاتنانەوەی کەسایەتییەکی هاوچەرخی مرۆڤی کوردە، کە لەئاست پێداویستییەکانی ڕۆژگاری ئێستامان دابێت، ئەوەش یەکێک لە یەکەمینەکان (اولویات)ی ئەو قۆناغەی ئێستاکەمانە ؛ بەڵام دەبی ئەوەش بزانین کە کەسایەتیی مرۆڤ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژووییە، واتە هەلومەرجی قۆناغە مێژووییەکە، لەسەر بنچینەی پەیوەندییە باوەکانی ناو کۆمەڵگا، ئەو کەسایەتییە دروست دەکات، بۆیە دەبێ ڕەوش و هەلومەرجی لەبار و پێویست بڕەخسێنین تاکو

کەسایەتیی شیاو بەرهەمبێنێ ئەمەش، بێگومان، دەسەڵات و توانای گەرەکە. شایانی باسە کە دەسەڵاتی سیاسیی کورد دوای راپەڕین هەلێکی زێڕینی لەدەسدا بۆ داهێنانی کەسایەتییەکی نوێی مرۆڤی کورد کاتێک، هەرزوو، کۆتایی هێنا بەو رەوش و کەشوهەوا شۆڕشگێڕییەی راپەڕینی مەزن بەرپایکردبوو، ئەویش بە هەڵەی مێژوویی کوشندە: حیزبایەتی تەسک، بەشینەوەی دەسکەوت و دەسەڵات، زوێرکردنی خەڵکی خەباتگێڕ، شەڕی ناوخۆ ... کە تا رۆژی ئیمڕۆش کورد هەر ئەوا باجەکەیان دەدات.

بنیادنانەوەی کەسایەتیی مرۆڤ کارێکی مەزنی مێژوویی و نەتەوەیی ستراتیژییە، بۆ وەدەسهێنانی دەبێ دەسکاریی سستەمی کۆمەڵایەتی بکرێ، ئەویش بە نەهێشتنی، یان هەرنەبێ کەمکردنەوە و لاوازکردنی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی خزمایەتی و دۆستایەتی و خێڵەکی دامەزراون ئەمانە بەهای هەرە بەرزی ناو کۆمەڵگاکەمانن؛ لێرە تاکەکەس بەتەنیا، ئەگەر خزم یان دۆستی کەسێک یان سەر بە خێڵ و عەشرەتێک نەبێت، هیچ حسێبێکی بۆ ناکری - با ئەوکەسە مرۆڤێکی زۆر بەتواناش بێت، ئەمەشە سەرچاوەی هەموو گەندەڵییەک. کەواتە، یەکەمین هەنگاو لە گۆڕینی سستەمی کۆمەڵایەتیدا دەبێ بە گەڕاندنەوەی نرخ و بایەخ بۆ تاکەکەس دەسپێبکات. بۆ ئەو مەبەستەش، جگە لە بواری ئابووریی ئازاد بۆ کارکردن کە زەمینەیەکی باش دەڕەخسێنی بۆ دەرکەوتنی تواناکانی تاکەکەس، هەروەها دەبێ بنەماکانی فەلسەفەی تاکگەرایی Individualism لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بچەسپێنرێن و، لەپاڵ ئەمەشدا، کارکردن بکرێت بە بەهایەکی پیرۆز، کە ببێت بە پێوەر بۆ هەموو جۆرە بەرەوپێشچوونێکی تاکەکەس. هەموو ئەوەش، وەکو گوتمان، دەسەڵات و توانای گەرەکە؛ بەڵام دوو دەزگای هەرەبەهێزی کۆمەڵگای کوردی: حیزب و حکومەت، دەتوانن پێکەوە هەنگاوی باش بنێن بەرەو ئەم ئامانجە -بەمەرجێک ئەمە ببێت بە سەرەکیترین یەکەمینەکانی بەرنامەیان؛ لەپاڵ ئەمەشدا، چاوخشاندنەوەیەکی بوێرانە بە دەور و جێگە و بایەخی توخمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی هەندێکیان گرنگی و سیحری جارانیان نەماوە؛ هەروەها، پێداگرتن و سووربوون لەسەر پیادەکردنی بەها نەتەوەییەکان، پێش هەموشیان جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی نەک هەر لە دەزگا فەرمییەکان، بەتایبەتی لە داداگاکان ئێستاش عەرەبی زێتر بەکاردێ، بەڵکو لەبواری کاری ئازادیش نەنگییەکی گەورەیە کە لە پایتەختی کوردستان ئەگەر عەرەبی نەزانی ناتوانیت لە چێشتخانە داوای خواردن بکەیت؛ ئەمە جگەلەوەی تابلۆ و ریکلامی بەزمانانی تر نووسراو شارەکانی کوردستانیان بەجارێک تەنیووە - ئەمەش بەجۆرێکی سەرەکی وەزارەتی رۆشنبیری و پارێزگا و لێژنە حیزبییەکان لێی بەرپرسن

ئەمانە هەنگاوی یەکەم دەبن بۆ بەهێزکردنەوەی ئینتمای نەتەوەیی مرۆڤی کورد کە ئیمڕۆ بەڕادەیەکی زۆر، کزی و لاوازی پێوەدیارە.

بۆ ئێمەی کورد جارێ زووە چاومان لە پێشکەوتنی رواڵەتی بێ و خۆمان بە دروستکردنی (کەمالیات) خەریک بکەین، چونکە ئێستاش هەر لە قۆناغی رزگاریخوازی نەتەوەیی داین و ئەو بزاڤەش بەجۆرێکی سەرەکی بە خەباتی خۆبەختکاری بەڕێوەدەچێ، بۆیە دەبێ هەموو تواناکان بەپلەی یەکەم بۆ ئەو بوارانە تەرخان بکەین کە مرۆڤێکی نوێ بەرهەمدێنی باوەڕی بە بەها شۆڕشگێڕییەکان هەبێ: خۆبەختکردن، جوامێری، راستگۆیی، چاوتێری، ئاکار و هەڵوێستی بەرز ... کە ئەمانە سیماگەلێکی هەمیشەیی پێشمەرگەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیین و ئەمانن بەردەوامی بە بزاڤەکە دەبەخشن و دەیگەیێنن بە ئامانج.

لەکۆتاییدا، لە وێرانە وڵاتی ئێمەدا هەرچی بکرێت و بنیادبنرێت گرنگ و پێویستە، بەڵام ناشکرێ لەیەک کاتدا لەهەموو بەرەکان بجەنگین، ئەمە لەتوانای دەوڵەتی زلهێزیشدا نییە؛ بۆیە دانانی پلان و پۆلینکردنی ئەجندا گرنگی و بایەخی لەڕادەبەدەری هەیە - گەلێ جاران دەبینین شتگەلێک دەکرێن بە بڕی پارەی زۆر، کەچی دەتوانرا دوابخرێن.

**بنیادنانەوەی کەسایەتیی مرۆڤ کارێکی مەزنی مێژوویی و نەتەوەیی ستراتیژییە، بۆ وەدەسهێنانی دەبێ دەسکاریی سستەمی کۆمەڵایەتی بکرێ**

**تاکەکەس بەتەنیا، ئەگەر خزم یان دۆستی کەسێک یان سەر بە خێڵ و عەشرەتێک نەبێت، هیچ حسێبێکی بۆ ناکری - با ئەوکەسە مرۆڤێکی زۆر بەتواناش بێت، ئەمەشە سەرچاوەی هەموو گەندەڵییەک**

**یەکەمین هەنگاو لە گۆڕینی سستەمی کۆمەڵایەتیدا دەبێ بە گەڕاندنەوەی نرخ و بایەخ بۆ تاکەکەس دەسپێبکات**

**لە داداگاکان ئێستاش عەرەبی زێتر بەکاردێ، نەنگییەکی گەورەیە کە لە پایتەختی کوردستان ئەگەر عەرەبی نەزانی ناتوانیت لە چێشتخانە داوای خواردن بکەیت ئەمەش بەجۆرێکی سەرەکی وەزارەتی رۆشنبیری و پارێزگا و لێژنە حیزبییەکان لێی بەرپرسن**

**دانانی پلان و پۆلینکردنی ئەجندا گرنگی و بایەخی لەڕادەبەدەری هەیە - گەلێ جاران دەبینین شتگەلێک دەکرێن بە بڕی پارەی زۆر، کەچی دەتوانرا دوابخرێن**